# دەسەڵاتی كوردی پێویستی بەGPS سیاسی هەیە




## قادر نادر

زۆر دەمێكە هەست بەوە دەكەم لەنێوان جیهانی سیاسەت و ئۆتۆمۆبیلدا خاڵی هاوبەش هەیە ، كەلەهەردوو لایەندا سنورێك هەیە بۆ خەتی سور و خزمەتكردنی مرۆڤدا .

ئەگەر لەئۆتۆمۆبیلدا ساڵانە پێویستە پشكنینی بۆ بكرێت و بزانرێت بەكەڵكی لیخورین دێت یان چ شوێنێكی خراپ و مەترسیدارە ، تا بتوانرێت كەمترین زیان بە ژینگەو مرۆڤەكان بدات ، بێگۆمان لە جیهانی سیاسەتیش ، ئەوا هەر4 ساڵ جارێك هەلبژادنی پارتایەتی ، سەرۆك كۆمار ،وەزیران ، پارت...دەكرێت .

ئەگەر لەیاسای ئۆتۆمۆبیلدا، لێخورینی خێرا ، لە ترافیكدانی سور، نەزانینی لێخورین، بەسەرخۆشی لێخوڕین...... سزای زیندانی ، لیسەندنوەی مۆلەت ، ناوڕەش بونی تیا بێت......بێ گۆمان لەیاسا سیاسیەكەشی هەمان مەسەلەیە بەشیوازێكی تر ، ئەویش كە پارت بۆی نیە لەخەتی سوری نەتەوەیی تێپەڕینێ ، دزی بكات، درۆزنبێت لەگەل دروشمەكانی كەبانگەشەی بۆكردبوو ، كەسەرجەم ئەمانە گەل بە سزای خۆی دەگەیەنێت لەرێگای هەلبژاردنی ئایندەی كە دەسەلاتی سیاسی لێ وەردەگرتەوە یان ژمارەی كورسیەكانی پەرلەمانی كەم دەكاتەوە . بێگومان سەرجەم ئەم یاسایە سیاسی و لێخورینانەی ئۆتۆمۆبیل كەباسی دەكەم مەبەستم ئەورپای دیموكراسیە ، نەوەك رۆژهەلاتی ناوەراست و كوردستانەكەی خۆمانە چونكە لەمەشدا ، وەك چۆن سەرۆك نەگۆرە وحزب لەبری حكومەت مامەڵە دەكات ، گەندەڵی ئیداری و سیاسی دارو بەردی بۆگەن كردوە ...... ئاوا لە بواری هاتۆچۆی لێ خۆرینیش شەقامی بەتەمای خواو ، مندالی بەرپرسی 15 ساڵ بەئارەزوی خۆی ئۆتۆمۆبیل لیدەخورێت ، وە لیدانی ترافیكی سور بە ردەوامە .

ئەگەرچی لەولاتانی ئەورپیدادۆزینەوەی ئەدریس زۆر سانا كراوە ، چونكە لەزۆربەی شوێنەكان نوسینی ئەدرێسی شە قام ، چێشتخانەو بەنزین خانەكان بەنوسین و وێنەیە ، كەچی لەگەل ئەمەشدا بەندە هەر كۆڵەوارە، كە بەردەوام وەك سەركردایەتی كوردی ، لەبری ئەوەی ئەگەر بۆشوێنەك رۆژهەلات پێویست بێت رۆژئاوام گرتوە ، كاتێك بەهەڵەكەشم زانیوە كاتەكەی زۆر نماوە . هەربۆیە ماوەیەك لەمەوبەر كارێكم بە ئۆتۆمۆبیل بۆ هاتە پێشەوە ، كە دەبوایە ئامێری GPSبكرم ، كە بەداوای لێبوردنەوە نازانم ساڵی چەند دروست كراوە و كێ خاوەنی ئەو داهێنانە گەورەیە ؟؟

لەگەرمەی كرِیندا پرسیاری ئەوەیان لێ كردم كە بەدەنگی كچ یان پیاو، دە تەوێت رێت نیشان بدرێت ؟ ، بێگومان تا دەنگێكی ناسك هەبێت چ پێویست بە قسە زرێكە ، یان ئەوەتا بۆ هەموو ئەورپات دەوێت یان بۆ ناو سوێد ....

ئەو ئامێرە یارمەتی دەرە بۆ دۆزینەوەی هەموو شوێنەک لە شەقام ، شار ، خەستەخانە ، قوتابخانە ، ئۆتێل ، چێشتخانە ،یاریگا ، ...لەسەرجەم ئەورپادا ، بۆیە زۆر بەئاسانی دەتوانی لەماڵەوە ی خۆت لەسوێد بچیت بۆ شەقامێکی میلانۆی ئیتالیایا یان بچیتە ئەو شەقامەی بورجی ئیڤلی فەرەنسی لێیە ، ئەوا بەدەنگی ناسکی کچەکە ، سەدان جار بەدەنگ پێت دەڵێت بچۆ بۆ چەپ ، راست ، هەڵە بووی بگەڕێوە، 20کم بڕۆ.......... ئەمە جگە لەبونی نەخشەیەک کەبەردەوام لەبەردەمت دەبێت و بەپێی شوێنەکان شەقامەکان ، خێرایی مۆلەتی لێخوڕین ، کامیرای پۆلیسی هاتوچۆ...هەمووت پێ نیشاندەدات .... لەگەل ئەوەش ئاماژە بەوە دەکات دەتەوێت ئاگادار بکرێیتەوە کە خێراییت زیاترە ، یان ئەوەتا ڕیگای ئیکۆنۆمی ، کورت ، پەلە...کامیانت دەوێت .........

زۆر جار بیرکردنەوەم لەوە دەخولێتەوە کە بۆ دەسەلاتدارانی کورد زۆر گرنگە GPSسیاسیان هەبێت ، کەدلنیام زۆر کێشەو قوربانی وئازارمان کەم دەکاتەوە ، ئاخر ئەم دەسەلاتە ئەگەر گوێی لێ بگرێت , دڵنیام هەڵەیەکی مێژووی 50 سالەی خەبات بۆ ئۆتۆنۆمی کە نزیک بە نیو ملیۆن شەهیدو بریندار ی دا , دوبارە خۆی بە دیموکراسی بۆ عێراق تەرخان ناکات ، تێدەگەیشت کە گەندەڵی کەمپێکی سیاسی دەسەلاتی شوعی زۆر بەهێزی ڕووخاند، فایلداروئەنفالچی و لەبڕی ئەوەی لە زیندان بن ناز هەڵگرتووی کوڕی دەسەلات نابن ، ئەهرامەکانی بەرپرسان و رەزو باخەکانیان ئاوا بەرز و جوان نەدەکرد ، لەبەرامبەر گەلێک کەتا ئیستا داهاتی 16 ساڵەی بۆ قوربانیانی تەعریب ، ئەنفال ، کیمیاباران تەرخان نەکراوە ، لەبری کپکردنەوەی دەنگی خەلک بە گولە، زیندان و ناو ناتۆرە دۆزینەوە، داخوازیەکانی جێ بەجێ دەکرد، یاسای لەسەر بەرپرسان سەروەر دەکرد ...ئەمەو سەدان هەلەی تری بۆ راست دەکردنەوە بۆیە تکایە تا کاتی ماوە گوێ لە GPS میللەت بگرن .